Digitally signed by www.kurdistannet.org
cn=www.kurdistannet.org, o=Kurdistan Net, c=US
Date: 2002.09.01 23:02:57 +01'00'
Reason: <none>
Kurdistan Net Neti Hemwane

?

**به سلاویکی گەرم،**

**بەڕێزان:**
**حکومەتی هەرێمی کوردستان- پارتی دێموکراتی کوردستان،**
**راگەیاندنی ناوندی پارتی دیموکرات کوردستان،**

**ئێمە گوێگران و بشداربووانی بابەت و قسە و باسی (ئازادی رۆژنامەگەری) رێکەوتی ٢٩-٠٨-٢٠٠٢ ژووری کوردستان پێشکەوتنخوازان، لە گەڵ جەختکردنەوەی دووبارە و هاو هەڵوێستی نیشاندان لە گەڵ بۆچوون و هەڵوێستە بە جێیکانی ئەم دوواییانەی بەڕێز بارزانی لە مەر فدرڕالیەت بۆ دوارۆژی کوردستان و بەرپەرچدانەوەی هەرەشەو ڕاگەیاندنە دوژمنکار و فراوانخوازەکانی بەرپرسەکانی دەوڵەتی تورکیا دژ بە دۆزی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسەکانی، لە هەمان کات دا نارەزایەتی خۆمان دژ بە سیاسەتی بەر تەسك کردنەوەی ئازادی رۆژنامەگەری، لێپرسینەوە و دەستگیر کردنی رۆژنامەنووسان لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەردەبرین .**
**ئێمە پێمان وایە لەم سات و وەختە دا، کە ئەزموونی گەلەکەمان بە بارو دۆخێکی ناسکدا تێ دەپەڕێ، پابەندبوونی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و حکومەتی هەرێم بە ئازادی بەیان و قەڵەم، بە سەر جەم پرینسیپەکانی دێموکراسی تەنها زامن و دەستەبەرکەی سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ گەلەکەمان. لە کۆتای دا هیواداریـن بە زووترین کات دۆزی لێپرسینەوە لە رۆژنامەنووسان دابنەن و زیندانیانیش ئازاد بکرێن**

**بژی ئازادی بەیان و قەڵەم**

**ژووری کوردستان پێشکەوتنخوازان**